خەزەلی: باشترین شت بۆ خەڵکی کوردستان پێویستبونیانە بە عێراقێکی فیدراڵیەوە نەک جیابونەوەیان



قەیس خەزەلی، سەرکی گروپی عەسائیبی ئەهلی هەق ڕایگەیاند، نامەنتیقیە کە بەرپرسانی هەرێم داوای هەمو شتێک بکەن بۆبە ئەوەی هیچ شتێک تەسلیم بکەن و داهاتی نەوت ڕادەستی بەغداد ناکەن و بە نرخی خۆ دەیفرۆشن. دەشڵێت، "باشترین شت بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان پێویستبونیانە بە عێراقێکی فیدراڵیەوە نەک جیابونەوەیان".

قەیس خەزەلی، ئەمە شەمەە لەوتاری نوێژی جەژندا ڕایگەیاند، کەشی بنەڕەتی کە تەواوی کێشکانی لەیەوە سەرچاوە دەگرن ئەوەیە، زەرینەی بەرپرسانی هەرێم بڕوایان بە عێراقێکی یەکگرتو نییە.
ئاماژەی بۆشکرد، زۆڕی هەژاری لە هەرێمی کوردستان زیاترە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق، ئامارە فەرمییەکان ئاماژە بۆە دەکەن، زەرینەی پێنابەرانی عێراق لە دەرەوەی وڵات، خەڵکی هەرێمی کوردستانن.
خەزەلی باسی لەوشکرد، بەرپرسیارێتی دەوڵەت کارێکی هاوبەشە، هەمو خەڵکی عێراق بۆبە جیاوازی ماف و ئەرکیان هەیە، ئەی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان، ئەوە نامەنتیقیە داوای هەمو شتێک بکەن بۆبە ئەوەی هیچ شتێک تەسلیم بکەن.

ئەوشیخستەو، حکومەتی هەرێمی کوردستان داهاتی نەوت رادەستی بەغداد ناکات و بە نرخی خۆ دەیفرۆشێت، داهاتی دەروازە فەرمی و نایاساییەکانی رادەستی بەغداد ناکات. باشترین شت بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان پێویستبونیانە بە عێراقێکی فیدراڵیەوە نەک جیابونەوەیان.